رابۆرتی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان

***

پێش دەستکرن بە خوێندنەوەی راپۆرتەکەمان، بە ناوی لیژنەکەمانەوە زۆر سوپاسی ئەم رێکخراوانە دەکەین کە هەم لە کارەکانمان و هەم لە ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە هاوکاریان کردوین:

- رێکخراوی وادی
- دەزگای وارڤین بۆ پرسەکانی ژنان
- گرووپی ژیان
- یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
- بەرێوەبەرایەتی تەندروستی پارێزگای دهۆك
- بەرێوەبەرایەتی توندوتیژی دهۆك
- سەنتەری لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری لە دهۆك

_ نوسینطةی سةرؤكی حومةتی هةرێمی كوردستان بؤ ئاوةرةكانی شةنطال و دهؤك

راپەرینی شکۆداری ئازاری ساڵی (١٩٩١) ی گەلەکەمان لە باشوری کوردستان و رزگار کردنی بەشێکی خاکەکەی فرسەتێکی مەزنی هێنایە بەردەم هێزە کوردستانیەکان تا نمونەیەکی حوکمرانی دابمەزرێنن کە تێیدا، سەرەرای دابینکردن و پاراستنی مافە بنەرەتیەکانی تێکرای چین و توێژە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان، رێز و شکۆی ژنان پارێزراوتر بێت و هیچیتر وەك هاوڵاتی پلە دو لە کۆمەڵگادا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەکرێت. بەڵام بە داخەوە، ئەزمونی حوکمرانیەکەمان نەیتوانی ئەم خەونەی ژنان و ئازادیخوازان بکات بەراستی.

دوای سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ، کاتێك توانای دەزگاکانی دەوڵەت لە پیادەکردنی یاسا بەسەر هەمواندا کەمتر بۆوە، ئیتر مافەکانی ژنان چەندین هەنگاو پاشەکشەیکرد و توندوتیژی دژی ژنان بوە سیمایەکی قێزەونی وڵاتەکەمان.
کوشتنی ژنان بە بیانوی شەرەفەوە پەرەی سەند و بە گوێرەی هەندێك سەرچاوە، ژنە قوربانیەکانی بیانوی شەرەفپارێزی زیاترە لە قوربانیانی شەڕی ناوخۆ. پەتای ژنکوژی بەجۆرێك بە مۆخی کولتوری کۆمەڵگاکەماندا بڵاوبۆوە کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وەك دیاریدەیەکی قێزەونی وڵاتەکەمان باسبکرێت و رێکخراوەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی هێنایە دەنگ، تا فشار بخەنە سەر حکومەتی هەرێم بۆ سنور دانان بۆ ئەم دیاریدە قێزەونە. سەرەڕای ئەو راستیانە، زۆربەی هەرە زۆری ژنکوژەکان روبەڕوی دادگا نەکرانەوە و تاوان و تراژیدیاکان لەگەڵ مەرگی ناحەقی ژنان و کچانی وڵاتەکەمان بیرچونەوە

جێگەی داخە کە هەوڵ و رێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نەهێشتنی دیاریدەی ژنکوژی و توندوتیژی بەرامبەر ژنان کاریگەری کەمی هەبوە. ئێستاش هەواڵی کوشتنی ژنان لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان یەکێکە لە هەواڵە خەمناك و بڵاوەکان. توندوتیژی فیزیکی و مەعنەوی بەرامبەر ژنان سیمای سەرەکی خێزانەکانی ئەم وڵاتەی ئێمەیە و، کەم ژن هەیە ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش بێت لە تەمەنیدا، لەلایەن کەسانی نزیکی وەك باوك و برا و هاسەرەوە، هێرشی فیزیکی نەکرابێتە سەر.

ئامارە فەرمیەکانی دەزگا پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بۆچونەی ئێمە پشتڕاستدەکەنەوە کە ئێستاش توندوتیژی دژی ژنان سیمای سەرەکی کۆمەڵگای ئێمەیە. بەگوێرەی ئامارە فەرمیەکانی حکومەت، کە دەزگای وارڤین بۆ پرسەکانی ژنان بە سوپاسەوە گەیاندویەتیە لیژنەکەمان، تەنها لە ماوەی (٩) مانگی ئەمساڵدا (٢٧) ژن کوژراون و هەروەها (٣٣) حاڵەتی خۆ کوشتن و (١٦٢) حاڵەتی سوتان و (٧٠) حاڵەتی خۆ سوتاندن و (١٠١) دەستدرێژی سێکسی رویانداوە. بەگشتی هەر لەو (٩) مانگەدا (٥٤٤٧) حاڵەتی توندوتیژی دژی ژنان تۆمار کراون.

لەکاتێکدا هەر لە بنەڕەتەوە دیاریدەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان یەکێکە لە دیاریدە قێزەونەکانی ئەم وڵاتە، لە چەند مانگی رابوردودا کۆمەڵگاکەمان، روبەڕوی تراژیدیایەکی کەموێنەی زوڵم و ستەم بۆوە بەرامبەر بەشێك لە ژنانی کوردستان، !بە دیاریکراوی تراژیدیای ژنانی ئێزیدی لە دەڤەری شەنگال و دەوروبەری

دوای شاڵاوەکانی رێکخراوی تیرۆریستی (داعش) بۆسەر شەنگال و دەوروبەری لە (٢٠١٤/٨/٣) ی رابردوو، بۆ دەربازکردنی گیانی خۆیان لە پەلاماری ئەو رێکخراوە خوێناویە، هەزاران کەس لە دانیشتوانی ئەو دەڤەرە، کە زۆرینەیان ئێزیدین، ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت و روویان لە هەرێمی کوردستان و چیای .شەنگال کرد. هەڵبەت زۆربەی هەڵاتوەکان ژنان و کچان و منالانن

لە کاتێکدا لە روانگەی رێکخراوی تیرۆریستی (داعش) ەوە ئێزیدیەکان خەڵکانێکن کە یان دەبێت دەستبەرداری ئاین و کولتوری سەدان ساڵەی خۆیان ببن، یان پیاوانیان بەشیوەیەکی سیستەماتیک لەناو دەبرێن و ژنانیشینا وەك کۆیلە و کەل و پەل هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت، بۆیە زۆربەی هەرەزۆری ئەو ژنە ئێزیدیانەی ناوچەکانی شەنگال و دەوروبەری کە فریانەکەوتن خۆیان لە چەکدارەکانی رێکخراوی تیرۆریستی (داعش) دەرباز بکەن، لە لایەن ئەو رێکخراوەوە رفێنران و کران بە کۆیلە، کە بەگوێرەی ئەو زانیاریانە بێت کە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم داوێتیە لیژنەکەمان، ژمارەی ژن وکچە رفێنراوەکان لە (٤٠٠٠) زیاترن. ئەو ژن و کچە رفێنراوانە وەك کەلوپەل بەسەر ئەمیر و چەکدارە وەحشیەکانی رێکخراوی (داعش) دا دابەشکران و کران بە .(ئامرازی تێرکردنی ئارەزوە کێویەکانی چەکدارانی (داعش

****

وەك ئەرکی پەرلەمانی خۆی، لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت، دوای دەستبەکاربونی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، بە جدی کاری بۆ پێشخستنی دۆزی ژنان و دەستەبەرکردنی مافەکانیان کردوە. بۆ کار کردن لەسەر دۆسیەی کوشتنی ژنان سەردانی دامودەزگاکانی حکومەت و لایەنە

پەیوەندیدارەکانمان کردوە. لەپێناوی پاراستنی مافەکانی ژنان، هەوڵمانداوە لەگەڵ دەزگاکانی پۆلیس و لایەنە پەیوەندیدارەکان هەمئاهەنگی و هاوکاری دروستبکەین. هەروەها بۆ دڵنیابون لە رەوشی ژنان سەردانی بەشێك لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی .توندوتیژی ژنانمان کردوە

هەرزو دوای پەلاماری هێزە تیرۆریستەکانی (داعش) بۆ سەر شەنگال و دەوروبەری و ئاوارەبونی هەزاران ژن و منالی بێتاوان، لیژنەکەمان لە (٨-٨-٢٠١٤) سەردانی مەیدانی ئاوارەکانی لە پارێزگای دهۆك کرد و وەك هاوکاری پەرلەمانی کوردستان (١٠٠) ملیۆن دینارمان بۆ پێداویستی سەرەتایی وەك جلوبەرگی ژنان و منالان بۆ ئاوارەکان سەرف کرد. لیژنەکەمان لە سەردان و چاودیری ژنانی دەڤەری شەنگال و ئاوارە بەردەوامە و تا ئێستا (٣) جار سەردانی .دەڤەری دهۆك و دەوروبەریمان کردوە

لیژنەکەمان بە جدی کاری لەسەر دۆسیەی ژن و کچە رفێنراوە ئێزیدیەکان لە لایەن (داعش) ەوە کردوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکار بوە بۆ رزگار کردنیان. هەروەها هەوڵمانداوە تا لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکاری مادی و مەعنەوی ئەو کچ و ژنانە بکەن کە لە دەست (داعش) رزگاریان دەبێت. تا ئێستا بە هەوڵ و کۆششی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەسانی دڵسۆز (٣٤٣) کەس لە کچ و ژنە رفێنراوەکان ئازاد کراون. ئەندامانی لیژنەکەمان بەرداوام و لە نزیکەوە چاودێری دۆسیەی ژن و کچە رفێنراوەکان و ئازادکراوەکانیشیان دەکەن و تا ئێستا لیژنەکەمان نزیکەی (٢٠٠) کچ و ژنی رزگارکراوی بینیوە و هاوکاری .مادی و مەعنەویمان پێشکەش کردون

***

بەمەبەستی کۆکردنەوەی هاوکاری و هاوپشتی نێودەوڵەتی بۆ دۆسیەی شینگال، بە تایبەتی ژنانی ئاوارە و رفێنراوی ئەو دەڤەرە و دەوروبەری، (٧) ی ئەیلول سەرۆکی لیژنەکەمان چوە ئاڵمانیا. ئەو ماوەیەی ئاڵمانیا، نوێنەری لیژنەکەمان سەردانی پەرلەمانی ئاڵمانیا وەکو نوێنەرایەتی بەرپرسی مەلەفی عێراق و مەلەفی